سەید حەکیم لە ڕەحیماوە: یەکریزی و خۆشەویستی بنەمای سەقامگیری کەرکووک و عێراقیش دەتوانێت ئەو ڕکا بەریییە تیپەڕ بکات

بەڕێز سەماحەتی سەید حەکیم سەرۆکی هاوپەیمانێتی هێزە نیشتمانییەکانی دەوڵەت لە شاری کەرکووك لە ناوچەی ڕەحیماوە لە میوانخانەی شێخ مەریوان هەمەوەندی چاوی کەوت بە کۆمەڵیك شێخ و پیاوە دیارەکانی هۆزی هەمەوەند و لەم دیدارە سەماحەتی خۆشحاڵی خۆی دەربڕی بە دیداری زۆربەی پێکهاتەکانی شاری کەرکووك و باسی هەڵوێستی ئیمام حەکیمی کرد کاتێك کاتی خۆی شەڕی کوردی حەرام کرد لە ماکینەی سەربازی ئەوکاتە و ستایشی ڕۆڵ و پەیوەن\ی پێکهاتەکانی شارەکەی کرد و گوتی یەکڕیزی و خۆشەویستی دەروازەیە بۆ کەرکووك و سەرکەوتنی عێراق.

سەماحەتی دووپاتی کردەوە کە کۆتاییهاتنی هاوپەیمانێتی نێودەولەتی بەڵگەنامەیەکە لە هەموو وڵاتانی جیهان کە عێراق سەقامگیرە و ئەمرش رۆژی سەروەری نیشتمانییە، ڕوونیشی کردەوە کە رۆژی سەروەری پەیمان□کی چاکبوونەوەیە و هەستانەوەیە و داوای کرد پەیامی دڵنیایی و هاوبەشی بە پێکهاتەکان بدەن، هەروەها ئاماژەی بۆ قوربانی باوکان کرد وداوای لە رۆڵەکان کرد لەسەر ڕێگای ئەوان برۆن و هۆشداری دا لە هەر گوتارێکی تایفی و خۆپەرستی کە ئامانجی ئەوەیە خەڵك بۆ چوارگۆشەی یەکەم بگەڕێنێتەوە و گوت ئێستا ڕۆژی خۆشەویستی و یەکگرتنە.

بەڕێز حەکیم بانگەوازەکەی نوێکردەوە بۆ هەنگاونان بەرەو پێشەوە بە گرنگیدان بە توێژی فەرمانبەران و جووتیاران و بەڵێندەران بۆ بەردەوامبوونی چەرخی ئابووری و دابینکردنی هەلی کار و گەیشتن بە ئاسایشی خۆراک و جێبەجێکردنی پڕۆژەکانی خزمەتگوزاری و گەشەپێدان، متمانەی خۆی دەربڕی کە عێراق بەسەر تەحەدای ئابووری و هەروەها تەحەددای ئەمنی و سیاسی و ک□م□ایەتیدا زاڵ دەبێت، بۆ عێراق هێڵێکی بەرزبوونەوەیە، هەروەها ستایشی هەموو ئەو ه□و□ڵانی کرد کە لە ئەنجامدا بووە هۆی پاراستنی وڵاتەکەی سەقامگیری و دەستکەوتەکان و زاڵبوون بەسەر تەحەداکەدا تا کەمترین زیان بچینە دەرەوە.